سەنتەری چالاکی گەنجانی رانیە...لەبەسەر کردنەوەیە کدا

ڕێپۆرتاژ: دلێر عبدالخالق

سەنتەری چالاکی گەنجانی رانیە،یەکێکە لە ماڵە جوانەکانی گەنجانی ئەم شارە،کەوەك دەبیندرێئەم سەنتەرە مانگانە چەندین خولی جۆراوجۆری بەهێز بۆ گەنجان دەکاتەوەو ئەمە جگە لە کۆڕی ڕۆشنبیریو هەروەها لە بۆنە سەرەکیەکاندا سەرگەرمی ئاهەنگی گۆرانیو پێشبڕکێو چالاکی جۆراو جۆرن، وە ئەگەر بەراورد بکرێ بە ساڵانی پێشتر بە شێوەیەکی بەرچاو ئەم سەنتەرە بەرەو پێش چووە،وە وەك دەبیسترا ستافی سەنتەری گەنجانی رانیە هیوا خوازبوون لەم سەنتەرەدا خولیا رەنگاورەنگەکانی گەنجانی ئەم سنورەی تیادا بێتەدی،بە باشمان زانی بۆ ئەم ژمارەی گۆڤارەکەکان سەنتەری گەنجانی رانیە لە ڕیپۆرتاژێکدا بەسەر بکەینەوە.

لە سەرەتادا بەرێز(خالید قادر) لێپرسراوی سەنتەری گەنجانی رانیە بە چەند پرسیارێك دواند:

پ/بیرۆکەی هاتنی سەنتەرێکی وەهای گەنجان بۆ رانیە کەی بوو؟ وە کەی پەسەندکرا؟

و/دەمەوێ ئەوە بڵێك بیرۆکەی هاتنی سەنتەری گەنجانی رانیە لەوەوە دەستی پێکردکۆمەڵی گەنجی بەهرەمەند لە شارەکە هەستیان بە فەراغێك کردکە لە بوارەکانی هونەریو وەرزشیو ڕۆشنبیریدا بە تەواوەتی لەم ناوچەیەی ئێمەدا بەدی دەکرا، بۆیە بیرۆکەیەك گەلاڵە بوو بۆ ئەوەی هەوڵ بدرێت پرۆژەیەکی منداڵپارێزی کوردستان بهێنرێت بۆ رانیە، ئەم بیرۆکەیە لە سەرەتاکانی مانگی(٦)ی ٢٠٠١ وەکو بیرۆکە گەلاڵە بوو، بەلام دواتر لە ٢٠٠١/٩/١٥ بە رەسمی هات بۆ رانیەو دەستی بەکارەکانی کرد،سەنتەری گەنجان بۆ خۆی پرۆژەیەکی سەر بە منداڵپارێزی کوردستانە. منداڵپارێز وەکو رێکخراوێکی گەورە پێکدێت لە چەند بەشێکی جیاواز کە یەکێکیان پرۆژەی سەنتەری چالاکی گەنجانە، کە لە چەند شوێنێك هەیە لە کوردستان بە خۆشحاڵیەوە یەکێك لەو شوێنانەی کە رەزامەندی بۆ کرا (رانیە) یە.مەبەست لە هاتنی ئەم سەنتەرە پەرەپێدانی خولیای گەنجە لە کۆمەڵی بواردا بە تایبەت لەو بوارانەی کە پەیوەستن بە دنیای گەنجەوە،واتە ئیشیکردنە لەسەر تەمەنێك لە ئیشکردن بۆ ئەوەی کەنج خۆی بتوانێ بە ئارەزووی خۆی ئیش بکات بەهرەکانی گەنج لە بواری وەرزشیدا لە بواری ڕۆشنبیریدا لە بواری ئەدەبیدا لە بواری هەنەریدا لە هەموو ئەم بوارانە لە ناو سەنتەری گەنجان ئیشی تیادا دەکرێت هەروەك چۆن لای ئێمە بەرنامەیەك هەیە بۆ پەروەردەکردنی گەنج. پەروەردەکردن لەناو پەروەردەکردنێکی دیاریکراو، واتە ئێمە بەرنامەیەکی دیاریکراەمان هەبێت ،ئێمە پێمان وایە گەنج بە گەنجیەتی خۆیو بە بزۆزی خۆیەوە جوانە، بۆیە لەناو پرۆژەکانی ئێمەدا گەنج بەوەوە جوان دەبێ کە بزۆزی خۆی بەکار بهێنێت هەتا هەڵەش بکات کێشەیەك نیە لە لامان وە پیمان وایە ئەمە سروشتی گەنجە، دواتر لە مەدای پەروەردەکردنو لە مەدای چەند خولیکی هەمەجۆر لە مەدای کۆمەلیك بەشدا لە جیاتی ئەوەی گەنجیك لەکاتی بەتالدا پەنا بەرێ بۆ دۆمینەو یان لەبێ شوینیو لە بێ هەواری تووشی نامۆیی و جۆریك لە وەهم بیت ئەم پرۆژانە دەبیت بە مالیك بۆ گەنج ،واتە مەبەست لە هاتنی سەنتەری گەنجان هاتنی مالیکە بۆ گەنج دوور لە ئایدۆلۆژیا دوور لە بیروباوەری تەسکی حزبایەتی دوور لە مەفهومی رەگەزی واتە سەنتەریکی کراوە بیت بە مانای کراوە بۆ گەنج.

پ/ دەمەوێ بزانم سەنتەرەکەتان لە چەندبەش پیکهاتووە و گرنگترینیان کامانەن؟

و/ بەشەکانی سەنتەری گەنجان پیکدین لە بەشی کتیبخانەو بەشی راگەیاندن کە ئەم بەشە لە دوو بواردا کار دەکات هەم لەو بوارەدا کاردەکات کە لەناو بینای سەنتەر کە بەرنامەیەکیان هەیە بۆ پیشکەشکردنی فیلمو واتە ڕۆژانە لە رێگەی سەتەلایتو لە رێگای سیدیو کۆمەڵێئەسالیبی راگەیاندنەوە ئەمانە فیلمی هەمەرەنگیان نیشان دەدرێت جگە لەمە لەسەر کاری روناکبیری جیا لەبەشی کتێبخانە و بەشی راگەیاندن بەشی کۆمپیوتەرمان هەیە کە وەکو بەشێکی بەردەوام فێرخوازی تێدا پێدەگەیەنرێت، بەشی مۆسیقامان هەیە وە بەشی شێوەکاریمان هەیە جیا لە مانە بەشی پرسگەمان هەیە کە ئەویشوەکو بەشێك لەناو سەنتەردا کاردەکات وە هەروەها بەشی وەرزشمان هەیە وە ئەمساڵ ئیشمان لەسەر بەشێ کردووە کە بەشی(ستۆدیۆ)یە کە ئەویش وەکو بەشێك لە ناو سەنتەری گەنجان بکەینەوە،بەلام دەمەوێ ئەوە بڵێمئیشکردنی ئێمە دیاریکراو نیە واتە سنوردار نیە کە بڵێین ئیشی سەنتەری گەنجان لەو مەدایە کاربکات، وە گەنج دێت ڕۆژانە لەناو ئەم بینایەدا لە یەکێك لە بەشەکان کاردەکات وەئەگەر بیرۆکەیەك لای گەنج پەسەند بێت ئێمەش ئیشی لەسەر دەکەین بۆ نمونە ئێمە کۆرسی بەردەوامی جیاجیامان هەیە ئێمە خولی بەردەوامی جیاجیامان هەیەو تۆ ئەگەر سەیر بکەیت ئێمە بەشێکمان نیە بە ناوی خولەکان بەلام وەکو بەشێك بە ناوی خولەکان ئەوا چەند خولێکی جۆربەجۆر دەکەینەوە،.

پ/وەك من ئاگادارم سەنتەرەکەتان ساڵانە بەکارەچالاکیەکی زۆر هەڵەستێت کە ئەمە جێی دڵخۆشکەریە کە ئێوە بتوانن خزمەتی وەها بە گەنجانی ئەم شارە بگەیەنن، ئەگەر بکرێ باسێکی کارو چالاکیەکامنتان بکەن.

و/ئێمە لە کارو چالاکیەکانماندا لە چەند بوارێکی هەمەجۆر ئیش دەکەین ئەو بوارانەی لەناو بینای سەنتەر